## پڕۆژەی حەزە ووردیلەیەکان ....2



# لێم مەپرسە بۆ چی دیواری ژووری نووستنەکەم سوورە !

## جەزا چنگیانی

کەس نازانی تۆ لە کوێت ! تەنیا من وخوا نەبێ . ئا تۆ لە شوێنێکی . لە کۆشکێکی . لە باخچەیەکی . لە ئاسمانێکی . لە بەهەشتێکی گشت بوونەکانی سوورە . دیوارەکانی کۆشکەکە ..گەڵا و گوول ێ. درەختەکان و گشت باخچەکە . سنگی ئاسمان . تیشکی چاوی ئەستیرەکان . ڕێگا , شاخ . ئاوی ڕووبار. هەمووشتێ لەو شوینەدا تۆی لێ .... سوورە . تۆ نازانی تۆ لە کوێت ؟ هەر تەنیا خوا و من دەزانین تۆ لە کوێت . لێم بپرسە ؟ تا بەوردە ماچ و تەکان ئەو ڕێگەت نیشان بدەم , بەرەو ئەو بەهەشتە سوورت بەرم . کە تەنیا جێگەی تۆیە . دەزانم سبەینی ڕۆژی لەدایك بوونەکەتە . گەرەکمە لەمشەوەدا ناوت بگۆڕم بە ناوێ . کە دەقا ودەق لە تەك بوونی تۆدا دەبن بەیەك ... یەکەیەکی لە یەکچوو . تۆ و دڵۆپ

من ناوم ناوی دڵۆپ . چونکە تۆ لە دڵۆپ دەچی ... دڵوپی چی ؟

دڵۆپی باران؟؟؟!

دڵۆپی شەراب ؟؟؟؟

دڵۆپی ویسکی ؟؟؟؟

دڵوپی بیرە ؟؟ ڤۆدگا.؟ گڤاز ؟؟؟

تۆ دڵۆپی ئاوی ژیانی . سەرچاوەی بوونی . ڕوحی دڵۆپی شیرئاوی لەشی منی . شیرئاوی جەستەی من. بێ جەستەی تۆ. ئاوێکی لێڵ وبێ تامە بێ ڕۆڵە تۆ دڵۆپی بارانی شەوێکی زستانی . کە هەر دڵۆپێکی لیزمە بارانێکی ڕۆمانسی دەخولقێنێ .. وەرە من لە ئامیزت ناگرم . چونکە زۆر دەمێکە لە شوێنێکدا دەژیت . لە ئامێز قوڵتر و گەرمتر وناسکتر و بەسۆزتر وتەسکترە .. ئەو شوێنە گشتی سوورە , لەشەرما سور هەڵمەگەڕێ . وەرە بە ئەسپای تەنیا گۆپکەکانی مەمکتم بەرێ . منیش هەموو نهێنەکانی

**سروشت لە چرکە ساتی مژینی گۆپکەکانتدا دەدرکێنم . دەزانم گۆپکەکانت وەك ڕۆحت سرکن . گۆپکەکانی مەمکتم بدەرێ . تا زمانە توتەی بەرمووسەڵانت فیری مژین ببێ . جا ئەوە ساتەی کانیاوی ڕۆحت تەقی . تێدەگەیت تۆی شۆخ چەند ساڵی تەمەنی شۆخیت . لە بەر ئاوینە و پۆشینی سەرپۆشی غروری جوانی کوشتوە . وەرە ئاوێنەی حەزەکانی من . جەستەی گڕداری منی گەرمیانی . هەمووشەختەی سەهۆڵی ساتە تەنیاییەکانت و سەرمای ڕوسیای میژووت دەپرووینێ . شیرینەکەم تۆ**



**پەیکەری ئەو حەزەیت پێش ئەوەی پێبگری , پێش ئەوەی زمانی حەزت بپژێ , پێش ئەوەی گۆپکەی مەمەکەکانت چرۆ بگرێ , پێش ئەوەی تەزووی حەز لینجاوی ناوگەڵت گەرم بکات , پێش ئەوەی تیشکی چاوت . نامەی ڕۆحت بۆ حەزی نێرینە تەڕکات . من تۆم خۆش دەویست . تۆ منت خۆشدەویست .. تۆ کە یەك پارچە خۆشەویستیت و کەچی لە فەلسەفەی خۆشەویستی تێناگەیت ؟ من وتۆ دووجووتی جەستە جیاین . من سنگێکی توکاوی و جەستەیەکی ڕەگاوی . دەنگێکی گڕ و ناوگەڵ ئەستور . تۆ جەستەیەکی نیان و دەنگێکی ناسك و سنگێکی مەمکاوی . ناوگەڵێکی بۆنداری خرپن . ئێمە بووین بە دووکیشوەری جیا و عاشق بە یەك . پێش بوونی من وتۆ ڕۆحمان یەك بوو...لەو ساتەوە ڕۆحی تۆ شەیدای پارچەکەی خۆیەتی . ڕۆحی منیش شەیدای پارچەکەی تۆیەتی . ئێستا ڕێکەوت وای کرد من لە تۆ و تۆ لە من نزیك بووینەوە . پردی نیگای چاومان نهێنیەکانی ڕۆحمان بکات بە چەپك ومنی نێرینە شەیدای بوونە مێنەکان . لە یەکەم ساتەوە بێژم خۆشمدەویت . تۆ لەم ووشەیە تێناگەیت . ولی من زۆر دەمێکە ڕۆحم فیری ووشەی خۆشەویستی کردوم .دەزانی کەماچمکردی یانی خۆشمدەوێت ... کە تەکانمان لەیەکتریدا ..شەیدای یەکین ....کە لێوەکانت ترازان زمانی منت مژی . تۆ بە ووشە نا بە مژین . ووتت : شەیدای بۆنی دەمی نێرینە و لێوی پەرژین زبری توکاوی منی . چەند ڕۆژ بوو... ڕیشم نەتاشی بوو . کەچی بە سەری زمانت . تووکەکانی دەوری لێومت بە عتراوی دەمت عەتراوی کرد . هێند شەیدای مژینی لینجاوی ناو دەمم بوویت گەرەکت بوو عەتری بێخی تووکە زبرەکانی پەرژینی لێوم تاڵ تاڵ بمژی هەموو ئەمانەت کرد .... خۆشت نەتزانی بۆچی دەیکەیت !! کە ڕەحەت بووین و ڕۆحمان بوون بە دوو پەپولە و لە لۆژیکی سروشت ترازین و لە سەرپێخەڤ نووستنەکەمان بۆ بۆشای ئاسمان فڕین . هەر ماچمان دەکرت هەر ووردە تەکانی دوای ڕەحەت بوونمان . لە جەستەی یەکتری دەدا . تۆ لە بەرزای**

**ئاسمانەوە , لە سەر پێخەڤ هەورەکانەوە , ڕوانیتە ژووری نووستنەکەمان ...پرسیارتکرد . ئەو ژووری نوستنە بۆ سەرتاپای دیوار و قوژبن و پیخەف و پەنجەرە و هەموو بستێکی سوورە ؟؟. تنۆکی ئەو دلۆپە سورانەی لە چاوی ئاوێنە وسنگی دیوارەکانی دەتکێ چییە ؟؟ من پێم ووتی .... تۆ زۆر بەڕۆح گەوجی ....چونکە زۆر گەنجی .**

**ئەوە ژووری نووستن نیە** .....

**ئەوە دڵی منە** ....... **بۆیە گشت بوونێکی سوورە .**

**فڕانکفۆڕت**
2004/08/28
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de